# بەهای وێنە
# لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا

د. عادل گەرمیانی



گۆڕأنی ژیانی ئادەمیزاد، بەرەبەرە بەرەو شارستانییەتی سەردەمی گریکەکان، زیاتر بواری لاساییکردنەوەی فراوانتر کردوەتەوە، بەشێوەیەك بووەتە جێی سەرنجدان و دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی ناودارانی فەلسەفەی گریکی کۆن، کە بە کۆنترین فەلسەفە لەمێژووی مرۆڤایەتی لەڕووی سەرهەڵدانەوە دادەنرێت. هەر فەلسەفەیەك وەك خوێندنگایەکە چەند پێشەنگو خوێندکارانی خۆی هەبووە، هەمیشە هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی چەند بیرو بۆچوونێکەوە دیاردەو ڕووداوەکانی سروشتو ژینگەی خۆیان شیبکەنەوە. فەلسەفەش پاش بەسەر چوونی سەردەمی دروستکردنی ئەفسانەکان، یان پاش ئەوەی هۆشیاریی مرۆڤ گەیشتە ڕادەیەك مرۆڤەکە دەیتوانی بەچەند بۆچوونێك وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کەوا مێشکی لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئەفسانەکان پێوە جەنجاڵ بووە، ئەوسا ئیتر فەلسەفەو لێکدانەوەی فەلسەفیو وێنەی فەلسەفی هاتووەتە کایەوە.

لە هەموو فەلسەفەیەك چەندین وێنەی فەلسەفی پێشکەشدەکرێنو، ئەو وێنە فەلسەفییانە سەرئەنجامی بیری ڕاستەقینەی فەلسەفەکەیە، چونکە وێنەی فەلسەفی لە هەموو شتەکان و لەهەموو هەبوونەکان دەگەڕێت، وەك شتێك لە کەرەسە (مادە) پێکهاتبێ، بۆیە لەئەنجامدا وێنەی فەلسەفی بەوە پێناسە دەکرێ، کە "دوا پێکهێنانی هەموو شتێکە"([1]).

وێنەی فەلسەفی زیاتر وێنەیەکی چییەتییە (صورە ماهیە) لەمەڕ دەرخستنی ڕاستی هەبوونی شتەکان لەجیهانی دەرەوەی مێشکی مرۆڤ و ناوەوەی، کە لەڕێی هەستەکانییەوە، یان لەڕێی ئەندێشەوە (Imagination) دروستیکردو، هەموو هۆنیارێك لەتێڕوانینێکی خاوەن چەند بۆچوونێکی فەلسەفی تایبەت بەخۆی و لەڕێی چەند هۆنراوەیەکەوە هەوڵدەدات وێنەی فەلسەفی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام بەهای وێنەی چییەتی (صورە نوعیە) هەمان بەهای وێنەی هونەریی نییە، کە هۆنیار ژمارەیەکی لەنێو هەر هۆنراوەیەك پێشکەش دەکات.

هەر وێنەیەکی هونەری بەهای خۆی هەیە، لایەنەکانی بیرو سۆزو ئەندێشە کەمو زۆر ڕۆڵی خۆیان هەیە، بەڵام بەهای وێنە فەلسەفیەکەی هۆنیار زیاتر



لە هەموو
فەلسەفەیەك چەندین
وێنەی فەلسەفی
پێشکەشدەکرێنو،
ئەو وێنە
فەلسەفییانە
سەرئەنجامی
بیری ڕاستەقینەی
فەلسەفەکەیە،
چونکە وێنەی
فەلسەفی لە هەموو
شتەکان و لەهەموو
هەبوونەکان
دەگەڕێت

پابەندی لایەنی بیر دەبێ‌و، هەوڵی بەرجەستەکردنی بیروبۆچوونی هۆنیارەکە دەدات.

بیری ئەو سێ کوچکەی فەلسەفەی گریکی کۆن (سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ) لەسەر بنەمای ئایدیالی (Ideal) دروستبوو بوو، بەڵام هەندێ جیاوازیش دەربارەی چەند لایەنێك لە بۆچوونەکانیاندا هەبوو، چونکە لەرووی تەمەن‌و فێربوونەوە هاوچەشن نەبوون. سوکراتی مامۆستای گەورەیان لە ڕێی ئەفلاتونی شاگردیەوە بیروراکانی خرایە ڕوو، هەروەها ئەفلاتونیش مامۆستای ئەرستۆ بوو. بۆ نموونە ئەفلاتون " لە دۆستایەتیەکەی لەگەڵ سوکراتی مامۆستایو، کەوتنە ژێر کاریگەری هەڵوێستی ئەقڵییەوە، وەهای لێکرد ئەو هەڵوێستە توندو تیژە بەرانبەر شیعر وەرگرێ، تەنانەت دەڵێن کاتێ پێوەندی لەگەڵ سۆکراتدا بەست هەموو هۆنراوەکانی خۆی سووتاند" (2).

ئەفلاتون بەپێی بیردۆزی ئایدیالیستەکەی، کە دەبێتە مایەی پێشکەشکردنی وێنەیەکی فەلسەفی بەگشتی و وێنەیەکی لاساییکردنەوە بەتایبەتی، گەیشتووەتە ئەوەی " سێ جیهانی بۆ زانیاری دەستنیشانکردووە، ئەمانەن :

1- جیهانە نموونەییەکان (عالم المُثل) کە بارەگای نموونەی بەرزی ڕاستیەکانە.

2-جیهانی هەستپێکراو (العالم المحسوس)، کە شانۆی مادییە. هەموو شتێ لەسەر ئەم زەویەدایەو ئادەمیزادیش بەهۆی یەکێك،یان زیاتر، لە پێنج هەستەکانی هەستی پێدەکاتو لێی تێدەگات.

3- جیهانی سێبەر (عالم الظل)، کە هونەرمەندەکان بەهۆی هونەرە جوانەکانیانەوە دروستیدەکەن‌و دەیهێننە ئەنجام (3).

وێنەی لاساییکردنەوەی هۆنیار، کە زیاتر پابەند دەبێ بە لەوچوو و لێچووەوە، سەر بەجیهانی سێیەمی ئەفلاتونە، بۆیە وێنەی هونەریی نێو تابلۆکانی هونەرمەندو نێو هۆنراوەی هۆنیار بەلای ئەفلاتونەوە سێ هەنگاو لەڕاستیی شتە بەرجەستەکراوەکە دوور دەبێت، کە لەڕاستیدا وێنەی ئایدیالی خۆی هەیەو لەلایەن خواوەندەوە داهێنراوەو، لەلایەن مرۆڤەوە هەست پێدەکات لەجیهانی هەستپێکراودا.

ڕاستی وێنەی شتەکانی سروشتو ژینگە بەلای ئەفلاتونەوە لە بیرەکەیاندایە، هەروەها " ئەفلاتون باوەڕیوایە کە بیر – ئایدیا (Idea) هۆی بوون‌و پەیداکردنی شتەکانە. ئەو شتانەی کە دەتوانین هەستیان پێبکەین و دەستیان لێبدەین، تیشکدانەوەی ئایدیان.. ئایدیاش هەستی پێ ناکرێ و دەستی لێ نادرێ" (4).

ئەم چەمکەی ئەفلاتون لەبارەی بوونی ڕاستەقینەی وێنەی گوڵەکان‌و بەهاکانیان دەتوانین، بۆ نموونە، لەدەرخستنی جوانی ڕاستەقینەی گوڵەکان و بۆنە خۆشەکانیان بخەینە ڕوو: " گوڵ کە دەپشکوێ لەسەرەتادا جوانی زیاد دەکات، بەڵام لە ماوەی ئەم گۆڕانەدا (کە پشکۆتنی گوڵەکەیە) ئەو جوانییە وردە وردە کەم دەبێتەوە تا لەناو دەچێت.. کەواتە ئەو جوانییە کاتییە.. دێ و تێدەپەڕێ.. لەبەرئەوە جوانییەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو لەجیهانی بیردایە، جیهانی ئایدیاڵ" (5).

وێنە لە فەلسەفەی گریکیدا زیاتر بەهایەکی فەلسەفی هەیە لەمەڕ خۆشەویستی، وەك بابەتو، لاساییکردنەوە، وەك جوانی و شێواز. لاساییکردنەوەی هۆنیارو هونەرمەند بۆ بەهای جوانی شتەکان‌و سروشتو بیرەکانیان -بەپێی بۆچوونەکانی ئەفلاتون- ناتوانێ بەهای ڕاستەقینەی ئەو شتانە دەربخات، بەڵکو لەڕێی ئەو لاساییکردنەوە سێ هەنگاو لەڕاستییان دوور دەکەوێ، چونکە ڕاستیی کرۆکی شتەکان دەرناخات، بەڵکو لەڕێی خەیاڵەوە وێنەیەکی تازەیان دەخرێنە ڕوو. بۆ نموونە کورسی لەجیهانی ئایدیالیدا بوون‌و بیری تایبەتی خۆی هەیە پێش ئەوەی دارتاش دەست بۆ دروستکردنی ببات. کورسییەکە لە ئەندێشەی دارتاشەکە لەڕێی کردەوەی دارتاشەکە دەخرێتە ڕوو.

لێرەدا هەموو دارتاشەکان یەك وێنەی چەشن‌و جۆری کورسییەکە دروستناکەن، بەڵکو هەر دارتاشێك دەیەوێ جۆرە هونەرییەك لە بەدەستەوەدانی دوا

بیری ئەو سێ کوچکەی فەلسەفەی گریکی کۆن (سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ) لەسەر بنەمای ئایدیالی (Ideal) دروستبوو بوو، بەڵام هەندێ جیاوازیش دەربارەی چەند لایەنێك لە بۆچوونەکانیاندا هەبوو

ئەفلاتون لەکۆپیکردنی واقیعو لاساییکردنەوەی شتومەکەکانی دەوروبەری لەنێو سروشتو ژینگەوە، بەچاوێکی پڕ لەمەترسییەوە دەیروانییە ڕۆڵی هۆنیارو کاری لاساییکردنەوەکەی


ئەرستۆ

وێنەی کورسییەکە بخاتە روو، بۆیە وێنەی کورسییە دروستکراوەکە دوو هەنگاو لە وێنەی ئایدیالی (Ideal Image) کورسییەکە دوور دەکەوێ‌و، لەگەڵ کارکردنی وێنەو بیری کورسییەکە لەهەستو نەستی هۆنیار و هونەرمەندان، ئەوسا ئەمان بە لاساییکردنەوە هەوڵدەدەن وێنەی کورسییە دروستکراوەکە لەچوارچێوەی وێنەیەکی هونەریی بخەنە روو، پاشان وێنە هونەرییەکەیان سێ هەنگاو لەوێنەی ئایدیالی کورسییەکە دوور دەکەوێ، کە بەلای ئەفلاتونەوە ڕاستترینو بەهاترین وێنەکانی کورسیەکەیە.

خەیاڵی هۆنیارو هونەرمەند ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنو دارشتنی ئەو وێنانە دەبینێ، کە نموونەیەکی هونەریی شتە بەرجەستەکراوەکانە، چ مەتریالی بێ، یان ئایدیالی بێ، واتە وێنە هونەرییەکە سەد لەسەر سەد هەمان وێنەی ڕاستەقینەی شتە بەرجەستەکراوەکە نییە، تەنانەت ئەفلاتون هاشا لەوە دەکات شتە دروستکراوەکان وێنەیان هەبێ‌و، لای ئەو تەنیا شتە سروشتیەکان وێنەیان هەیە (6). هەر ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون وەهای لە ئەرستۆی شاگردی کرد داوا لە هۆنیاران بکات تەنیا پەنا بۆ سروشت ببەن‌و، لاسایی شتەکانی بکەنەوە، بەو مەبەستەی سێ هەنگاو لە راستییان دوور نەکەونەوە. کەواتە هۆنیاران و هونەرمەندان لەدەرخستنی راستیی وێنەی جوانی‌و گەشاوەیی جیهانی ئایدیالی گوڵ دوو هەنگاو لەکاتی لاساییکردنەوەکە دوور دەکەونەوە، چونکە جوانی دیمەنی دەرەوەی گوڵەکان زۆر خایەن نییە، لەپاییزدا گوڵ سیس دەبێ‌و هەڵدەوەرێ، بەڵام جوانیی راستەقینەی گوڵەکە لەجیهانی ئایدیاییەکەی هەمیشەییەو، وەك ڕەمز کار لەهەستو نەستی هۆنیارانو هونەرمەندان دەکات بۆ لاساییکردنەوەی جوانی گوڵەکە. لەڕاستیدا لاساییکردنەوە وێنەیەکی بەراوردە لەنێوان دووشت بەنیازی دەرخستنی باشیی لایەنە لاساییکراوەکە، یان بەخشینی ئەو لایەنە باشە بەلێچووەکە.

لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ لاساییکردنەوەی لاساییکراوەکە دەبێتە مایەی سێ هەنگاو دوورکەوتنەوە لەوێنەی ڕاستیی لەوچووە سەرەکیەکەو، دیسانەوە دێینەوە سەر نموونەی کورسییە لاساییکراوەکە لەلایەن هونەرمەند لەکاتی وەسفکردنییەوە، چونکە کە دارتاشێك کورسییەك دروستدەکات ئایدیای کورسییەکە واتە جەوهەری کورسییەکە دروستناکات، چونکە ئایدیای کورسیەکە خواکان ئافەریدەیان کردووەو، کاتێ هونەرمەند بۆ جاری سێیەم وێنەی کورسییەکە دەکێشێ، ئەوا لاسایی کورسیی دارتاشەکە دەکاتەوە : واتا لاسایی لاساییکردنەوەکە دەکات(7). بەم جۆرەش " هونەرمەند نەك تەنیا لە واقیع دوور

دەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە کۆسپێکیش لەڕێگەی تێگەیشتنی حەقیقەتی بـوون، چونکە زۆر جار هونەرمەند شتی وا دەردەبڕی بەپێچەوانەی چەمکی جوانیو ڕەنگینەیە.. یان ئەو شتانە دەردەبـڕێ کە دزێوو خراپن ... بۆ نموونە کاتێ هونەرمەند دیمەنی کەسێکی سەرخۆش، یان تاوانبار ، یان هیچو پووچ دەکێشێ، ئەوا بەم کارەی نموونەی مرۆڤی خراپو ناشایشتەو ڕواڵەتی شاز دێنێتە گـۆڕێ...!([8]. هەر ئەم کارەی هۆنیارو هونەرمەند وەهای لەئەفلاتون کرد بەشێوەیەکی گشتی بەچاوێکی نزمەوە بڕوانێتە ڕۆڵی هونەرو هونەرمەندو، وەهای لێکرد لە کتێبی (کۆماری خێرمەند)، کە لەساڵی 373 پ. ز دایناوە، بڕیاری دەرکردنی هونەرمەندو هۆنیار بـداتو، لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ (چلۆکۆن)دا سازیداوە بڕیارەکەی لەم بارەیەوە بەم شێوە دارشتووە.." فەرامۆشکردنو فڕێدانی هۆنراوەی لاساییکەرەوە، گوێ ڕانەگرتنە بۆخاوەنەکەی " ([9]).

ئەنجامی ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون لەمەر وێنە هونەریەکانی هۆنیارو هونەرمەندەوە دەگاتەوە سـەر ئـەوەی لەکاتێکدا " هونەرمەند (لاسایی) واقیع دەکـاتــەوە، یـان واقیع کۆپی دەکـات، ئەو ڕاستییە دەردەخـا کە واقیع سەرچاوەی بیرەکانی هونەرمەندە "([10])، بەڵام ئەفلاتون "بەکاریگەری بۆچوونە ئایدیالیەکەی دێ ئەم ڕاستییە لەبناغەدا هەلدەگێڕێتەوە کاتێ جیهانی ماتریالی، واقیع، بەتەنها ڕەمزێکو ڕەنگدانەوەیەکی ئایدیاو (گیان) دادەنێ و، هیچ نرخێکی بۆ ناهێڵێتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕاستە ئەفلاتون بناغەی تیۆری ئیستاتیکی دانا، بـەڵام لەجیاتی ئـەوەی ئەم بناغەیە لەسەر زەمین دانـێ لەئاسماندا دایـنـا"([11]). ئەگەر ئەفلاتون لە بۆچوونە فەلسەفیەکانیو تیۆری لاساییکردنەوەکەیدا، بـەچـاوێـکـی نـزم دەیـڕوانـیـیـە ڕۆڵی هونەرمەند لەکۆپێکردنی واقیعو لاساییکردنەوەی شتومەکەکانی دەوروبەری لەنێو سروشتو ژینگەوە، ئەوا بەچاوێکی پڕ لەمەترسییەوە دەیڕوانییە ڕۆڵی هۆنیارو کاری لاساییکردنەوەکەی. هەر ئەم مەترسیە وەهای لێکرد هۆنیاران لە کۆمارە خێرمەندەکەیدا شار بەدەر بکاتو، بەچینو تاقمی پێنجەمی دابنێت لەنێو کۆمارەکەیدا پاش فەیلەسووفو سەنعەتکارانو کاربەدەستانو هونەرمەندان. ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون لەمەر هۆنیاران زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هۆنیاران بەهۆنراوەکانیان کاری خراپ لەهزرو بیری گوێگرەکانیان دەکـەنو، یـاری بەهەستو نەستیان دەکــەن. لـەم بـارەوە ئەفلاتون بە جلۆکۆن لەکاتی گفتوگۆکەیاندا دەڵێت: " دەبێت بڕیاری شاربەدەری هەستیاران لەکۆمارە خێرمەندەکەمان بدەینو لەبەر هیچ هۆیێك مافی مانەوەیان لەنێوانماندا نەیاندەینێ، چونکە ڕەوا نییە تاقمێکی وەکو ئەمانە لەژێر سێبەری کۆمارە خێرەمەندەکەماندا بحەسێنەوەو عەقڵو هەستو چێژی هاونیشتمانییەکانمان بەهونەرە چاوبەستو درۆکەیان تێکبدەن "([12]). ئەم ڕقەی ئەفلاتون لەهۆنیاران زیاتر بۆ هۆکارێکی گرنگ دەگەڕێتەوە ئەویش " کاتێ هۆنیار باسی کاری ناچیزو هەوەسبازی دەکات، ئەوا کاری خراپ دەکاتە سەر بینەرانو گوێگرانو، بۆ ئەم کارە بەدانە پاڵیان پێوە دەنێ "([13]). هۆنراوەش بەلای ئەفلاتونەوە پڕ مەترسییە، چونکە هۆنراوەو وێنەکانی " ئەو هەوەسو ئارەزووانە هار دەکات کە پێویستە دابمرکێندرێن"([14]). لەگەڵ گشت ئەمانەشدا " هۆنیار بەلای ئەفلاتونەوە زۆر خۆشەویستە، چونکە سەرچاوەی سروشی لای خوا کانەوەیە... شیعری بەرزیش ئەوەیە کە هونەرەکەی لەگەڵ ئەو سروشتە بەرزەدا یەك بگرێ"([15]).

ئەفلاتون وەك دەردەکەوێ خاوەن فەلسەفەیەکی ئایدیالییەو، بۆچوونێکی چاککەرەوەی هەیە بۆ کۆمەل. چەمکی وێنەش بەلای ئەفلاتونەوە چەمکێکی فەلسەفییەو، سروشتی وێنە لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا سیمایەکی گشتی هەیە، بۆیە لەڕێی بۆچوونەکانییەوە دەردەکـەوێ بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی وێـنـەی هـۆنـراوەیـیو هـۆنـراوە دەکـات هەرچەندە بەهونەرێکی ئەدەبی دادەنرێت.

تیۆرەکەی ئەفلاتون لەبواری وێنەدا سێ لایەن دەسنیشاندەکات " یەکەمیان: بنەمای وێنەکانو.. دووەمیان بەهای وێنەکانو...سێیەمیان: جیهانی وێنەکان([16]). هەروەها ئەفلاتون لەتیۆری نموونەکاندا (نظرية المثل) گـەردوون بەسەر ئـەم سـێ جیهانە دابەشدەکات: یەکەمیان جیهانی نموونەکان (عالم المـثـل) و دووەمـیـان جیهانی هەستیەکان (عـالم

المحسوسات)و سێیەمیان جیهانی هونەر (عالم الفن).

ئەگەر هەردوو دابەشکردنەکەی ئەفلاتون لێکبدەینەوە، ئەوسا وێنە دروستکراوەکان بەهەبوونی هەستیەکان (وجود المحسوسات) دادەنرێت، چونکە لەڕێی دەرکپێکردنی هۆنیاران‌و هونەرمەندانەوە شتە ڕاستەقینەکان بەرجەستە دەکرێت‌و، ئەو شتە ڕاستەقینانەی دەورووبەرمان بەهەبوونی چییەتیەکان (وجود الماهیات) دادەنرێت. بۆ دەرکپێکردن بەبنەمای وێنەکان، کە لەجیهانی ڕاستەقینەی شتەکانەوە وەردەگیرێت، پێویستیمان بە هەندێ زانیاری هەیە مرۆڤ لەڕێی ئەندامانی هەستکردنییەوەو، بە لێکدانەوەی مێشکی بەدەستیدەهێنێ، واتە ئەم زانستە ڕاستەقینە، کە لەئەنجامی ئەو جۆرە زانیارییەوە دروستدەبێ، پێوەندە بەزانستی هەبوونی شتەکانی دەوروبەرمان کە هەبوونێکی سەربەخۆو ڕاستەقینەی خۆیان هەیە، کەواتە هەردوو زانستی هەبوون‌و زانستی ڕاستەقینە پێکەوە جیهانی وێنە لای مرۆڤ لەسەر بنەمای وێنەکان دروستدەکات، پاش هەوڵدان بۆ زانینی بەهای وێنەکانی دەوروبەرمان، کە وێنەی ڕاستەقینەی شتەکانی دەوروبەرمانن.

لەڕێی هەوڵدانەوە بنەمای وێنەکان بەهای وێنەکان جیهانی چییەتیەکان ئەقڵی مرۆڤ و هەستەکان جیهانی وێنەکان جیهانی هەستیەکان

بەپێی ئەم تیۆرە مرۆڤ لەڕێی یەکێک لەئەندامانی هەستیەوە، یان زیاتر، دەرك بەهەبوونی ڕاستەقینەی شتەکانی دەوروبەری دەکات‌و، ئەوسا زانین لەبارەیانەوە پەیدا دەکات، واتە ئەو بەهایەی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەورەبەری دروستی دەکات بەهۆیەوە هەوڵدەدات بگاتە هەمان بەهای ڕاستەقینەی ئەو شتانە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەمان هەبوون‌و بەهای ڕاستەقینەی ئەو شتانە نییە، بۆنموونە کە هۆنیار یان هونەرمەند لەڕێی یەکێك لەئەندامانی هەستیەوە، وەك بەچاوبینین یان بۆنکردن، یان وەبەرکەوتن وێنەی گوڵێك لەهزرو بیری دروستدەکات، پاشان لەنێو بەرهەمەکەیدا دەیخاتە ڕوو، لەڕاستیدا هەمان گوڵی ڕاستەقینە نییە. بۆ نموونە گوڵە ڕاستەقینەکە سەرەتا دەپشکوێ، پاشان جوانییەکەی زیاد دەکات‌و لەئەنجامدا سیس دەبێ‌و هەڵدەوەرێ، هەروەها ئەو گوڵە لەنێو سروشتدا لەگەڵ شنەی بادا دەلەرێتەوە، بەڵام گوڵی نێو هۆنراوەی هۆنیارو تابلۆی هونەرمەندو وێنەی وێنە گرو پەیکەری پەیکەرتاش ئەو لایەنە ڕاستەقینەی گوڵیان نییە، هەتا ئەگەر هۆنیار وەسفیانی کرد، کەواتە بۆ شتەکانی سروشت وەك گوڵ‌و مانگ‌و چیاو دارو درەخت‌و.. هتد دوو بەهایان هەیە: یەکەمیان بەهای ڕاستەقینەی شتەکانە لە دەرەوەی هزرو بیری مرۆڤ‌و، دووەمیان بەهای خولقێنراوە لەلایەن هزرو بیری مرۆڤەکەوە. لەوانەیە مرۆڤی هۆنیارو هونەرمەند واتایەکی دیکە بۆ بەها خولقێنراوەکەش دابنێت، وەك چواندنی ڕوومەتی کچ بەگوڵێکی بێگەرد بەلای گۆرانەوەو، چواندنی باران بەهاتنی خێرو بەرەکەت‌و سەرهەڵدانی شۆڕش‌و گۆڕانکاری بەلای سەییابەوە لەهەندێ هۆنراوەیاندا دەریانخستووە، کەواتە ئەم بەها تازانە هەمان بەها ڕاستەقینەکانی شتەکانی دەوروبەرمان نییەو، دەمێکە ئەفلاتون لەم بارەیەوە وتویەتی " هەموو شتێك لەهەبووندا لەهەر لایەکەوە تێیبڕوانێت دەبێ وێنەیەکی هەبێ‌و، ئەم وێنەیە بەها سەقامگیربووەکەیەتی(17). کەواتە وێنە دروستکراوەکان لەجیهانی هەستیەکاندا هەمان وێنە ڕاستەقینەکان نین‌لەجیهانی چییەتیەکانداو، ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون





گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والاّ دوو مانگ جارێك دەریدەکات

لەمەڕ نادروستی وێنە هەستیەکان لە (هڕقلیگس)ی وەرگرتووە کاتێك دەڵێت:" زانینی هەستیی زانینێکی نادروستەو، زانینی ڕاستەقینە هەمان زانینی ئەقڵییەو هەموو زانینێکی ئەقڵی گریمانی هەبوونێکی جێگیر وەك بابەتییك بۆ خۆی دەکات"(18). ئەم جەختکردنەی ئەفلاتون لەتیۆری وێنەییەکەیدا بەسەرلایەنی بەهاییەکان بۆ سوکرات دەگەڕێتەوە، چونکە سوکرات بوو وتبووی "زانین یان زانستی ڕاست دەبێ لەسەر بەهاکان دابمزرێت "(19).




ئەفلاتون لەدابەشکردنی گەردوون لەتیۆری وینەییەکەیدا، بەسەر جیهانی نموونەییەکانو جیهانی هەستیەکانو جیهانی هونەر، دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە ئەو وێنەی لای مرۆڤ لەمەڕ شتەکانی دەورویەری لەرێی دەرکپێکردنو هەستکردنەوە دروستدەبێ، دوو هەنگاو لە وێنەی بەهایی ڕاستەقینەی شتەکان دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو وێنە ڕازاوانەو بەرجەستەکراوانەی نێو بەرهەمی هۆنیارانو هونەرمەندان سێ هەنگاو لە وێنەی بەهایی ڕاستەقینەی شتەکانەوە دوور دەکەوێتەوە، چونکە لە بەرهەمی هۆنیارانو هونەرمەندان ئەندێشەی داهێنەرانەی ئەو جۆرە مرۆڤانە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە بەخشینی وێنەیەکی دیکە بەوێنەی شتە ڕاستەقینە لاساییکراوەکە.

ئەفلاتون لەئەنجامی ئەم تیۆری لەمەڕ وێنە دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە " هۆنراوە بەهەموو جۆرو چەشنەکانییەوە لەجیهانی هونەرەو، ناڕاستو درۆو خەڵەتاندنە لەبەر ئەو وێنانەی هۆنیار بەبێ هۆشو بەبێ دەرکپێکردن هەڵیدەبەستێ"(20). هۆنیاریش لەرێی ئەندێشەوە زیاتر وێنەکانی هەڵدەبەستێو ، ئەندیشەش " زانینە لەرێی وێنەوە"(21). ئەم جۆرە ناڕاستییەی وێنەکانی هۆنیارو خەڵەتاندنی گوێگرەکانی وەهای لەئەفلاتون کرد، هۆنیار لەنێو خەڵکە هەڵبژێراوەکەی بۆ ناو کۆمارە خێرمەندەکەی دوورخاتەوە، چونکە بەمێشکی خەڵکی یاریدەکاتو لەڕاستی دەوروبەر دووریان دەخاتەوە.

وێنەی هۆنراوەیی بەلای ئەرستۆوە، وەك قوتابییەکی ئەفلاتون و گەشە پێدەرێکی تیۆرەکەی، لەوێنەی تابلۆیی جیاوازن هەر چەندە هەردووکیان سەر بەوێنەی هونەریین (Imagery)، چونکە بەلای ئەرستۆوە (Aristotle) هونەرە جوانەکان ئامرازی دەربڕینی، خۆیان هەیەو لەم بارەیەوە دەڵێت: " دەنگ ئامرازی مۆسیقاو گۆرانییە، رەنگو وێنەو ئامرازی نیگار کێشان و لێکۆڵینەوەیە، بزوتنەوەی ترپەش ئامرازی سەمایەو، وشەو کێشیش ئامرازی شیعرن‌و، ئەم شێوانەی هونەریش دیسانەوە دابەشدەکات بۆ هونەری بزووتن وەکو شیعرو مۆسیقاو سەماو، هونەری بێدەنگ وەکو نیگارکێشیو پەیکەرتاشی"(22). هۆنراوە لەسەردەمی ئەرستۆدا زیاتر لە لایەن هۆنیارەکەوە دەخوێنراوەیەوە نەك وەك ئێستا گوێگرو خوێنەری خۆی هەیە، بۆیە وێنەی هۆنراوەیی بەلای ئەرستۆوە هونەرێکی دەنگدارەو، لەلایەن هۆنیارەکەیەوە ڕادەگەیەنرێ، بەڵام وێنەی نێو تابلۆی هونەرمەندەکانی ئەوساو ئێستاش هەر بە وێنەیەکی بێ دەنگ دادەنرێت.

> هۆنراوە بەهەموو جۆرو چەشنەکانییەوە لەجیهانی هونەرەو، ناڕاستەو درۆو خەڵەتاندنە لەبەر ئەو وێنانەی هۆنیار بەبێ هۆشو بەبێ دەرکپێکردن هەڵیدەبەستێ

ئەرستۆ وەك ئەفلاتونی مامۆستای نەبوو لەڕوانین بۆ بەهای هونەرو هۆنراوە، چونکە ئەرستۆ "هونەر بە تەواوکەری سروشت دادەنێ، هەستیارانیش بەهەڵگرانی دروشمی داهێنانی سروشتێکی تازە تەماشا دەکات"(23). ئەرستۆ مەسەلەی لاساییکردنەوەی سروشت لەلایەن هونەرمەندو هۆنیارەوە بەیەك چاو تەماشای نەکردووە، چونکە " ئەرستۆ کە وتویەتی هونەری هۆنراو لاساییکردنەوەی سروشتە مەبەستی دووبارە کردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو مەبەستی خولقاندنو داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە کە دەنگدانەوەی بوونە لە قەوارەی هەستو نەستو سۆزو



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات

ئارەزوو ئەندیشەی هەستیاراندا"(24).

ئەم جۆرە جیاکردنەوە لەبواری لاساییکردنەوەدا لەنێوان هونەرمەندی نیگارکێش و هۆنیاردا زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کاتێك "نیگارکێش بەهێڵ و بەڕەنگ و سێبەرو قەوارە لاسایی لایەنێك لەلایەنەکانی سروشت دەکاتەوە، کەچی هەستیار لەڕێگای زمان و وو ترپەو ئاوازەوە لاساییکردنەوەکەی دەر دەبڕێ"(25).

ئەرستۆ هەوڵیدا گەشە بە بۆچوونەکەی ئەفلاتون لە بارەی ئەوەی هونەرمەند کۆپیکەری واقیعەکەیتی بداتو، ئەوە دەرخات هۆنیارو هونەرمەند لەلاساییکردنەوەی شتومەکەکانی نێو واقیعی سروشتەکەیان مرۆڤێکن جەوهەری ئەو شتانەو وێنەی ڕواڵەتی دەرەوەیان دەزانن، نەك وەك ئەفلاتون بۆی دەچوو، کە جەوهەری ئەو شتانە نازانن ، چونکە هونەرمەند بەلای ئەرستۆوە" جەوهەری شتەکان دەزانێ و، گەنجینەکانی ئەم جیهانە هەستییە دەدۆزێتەوەو، بەشێوەیەکی هونەری دەریان دەبڕێ "(26).

هەرچەندە بیرو بۆچوونی ئەرستۆ لەمەڕ وێنە لاساییکردنەوەکانی نێو هونەرو هۆنراوە بۆنێکی بیرو بۆچوونی ماتریالیزمی لێدێ، بەڵام هەوڵدانەکەی ئەرستۆ بۆ بەیەکجاری دوورکەوتنەوە لەجیهانی بیروبۆچوونە ئایدیالیەکانی ئەفلاتونی مامۆستای سەری نەگرت، چونکە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا دەژیا، سەردەمی بیری ئایدیالی و باوەڕکردن بە ئەفسانەو سەرگوزەشتەی پروپووچ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ کوێرانە بیری نەدەکردەوەو، خاوەن ئاستێکی بەرز بوو لە ژیریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکەی سەرینەگرت، چونکە ئەرستۆ " وەکو فەیلەسووفێك خۆشی لەنێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا هەڵدەسوڕاو لەئاکامدا پتر بەلای ئایدیالیزمدا شکاندیەوەو، باوەڕیهێنا بەبوونی ئەو خوایەی نابزوێ و هەموو شتێ دەبزوێنێ"(27).

بیردۆزەی هۆنراوە بەلای ئەرستۆوە وەك هەمان پیرۆزیی هۆنراوەو هۆنیارە بەلای ئەفلاتونەوەو، بەلای ئەرستۆشەوە هۆنراوەو هونەر پلەی بەرزتری هەیە لەنێو فەلسەفەدا کاتێك دەڵێت: "هۆنراوە تەنیا



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێک دەریدەکات

هونەرێکی زۆر خەستکراو نییە، بەڵکو هونەرێکی زۆر فەلسەفی تریشە"(28).

ئەرستۆ، لەو داخوازیەی‌و هاندانی هۆنیاران بۆ لاساییکردنەوەی شتەکانی نێو سروشتەکەیان، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لایەنگری وێنە هەستیەکان بوو، ئەوەندەش بەلای وێنە ئەندێشەییەکان نەچووە، کە مێشکی مرۆڤ بێ پەنابردن بۆ سوود وەرگرتن لەیەکێك لەئەندامانی هەستکردنەوە دەیخوڵقێنێ.

وێنەی هۆنراوەیی‌و وێنەی تابلۆیی بەلای ئەرستۆ لەوەدا یەکدەگرنەوە کاتێ هۆنیارو هونەرمەند بەهۆیانەوە لاسایی شتومەکەکانی سروشت دەکەنەوەو، ئەم لاساییکردنەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەستی بینین لەلای هەردووکیانەوە دەبێ‌و، لەم بارەیەوە ئەرستۆ وتویەتی:" مادام بینین هەستێکی سەرەکییە وشەی خەیاڵکردن (Phantasia) ناوەکەی لە رۆشنایی (phaos) وەرگرتووە، چونکە بەبێ رۆشنایی ناتوانین ببینین"(29). لێرەدا ئەگەر لاساییکردنەوەی هونەرمەند بۆ سروشت لەرێی رەنگەکانی نێو تابلۆکەیەوە بێ، ئەوا لەهۆنراوەدا لاساییکردنەوەی هۆنیار بۆ سروشت لەرێی وشەکانەوە دەبێ، یان لەرێی ناوهێنانی رەنگەکانەوە دەبێ یان لەرێی ئەو وشانەوە دەبێ واتای رەمزی رەنگەکان دەبەخشێ.

لاساییکردنەوەی هۆنیارو هونەرمەند وەك مرۆڤ بەلای ئەرستۆوە شتێکی سروشتییە، چونکە هۆیەکانیش وەك ئەرستۆ بەشێوەیەکی لۆجیکی بۆی دەچێت سروشتین. ئەرستۆ لەبواری لاساییکردنەوەدا لەوەدا لە ئەفلاتونی مامۆستای جیا دەبێتەوە، کە بواری لاساییکردنەوەکە تەنیا بەهۆۆنراوەو هونەر دەدا، بەڵام ئەفلاتون بواری لاساییکردنەوەکە فراوانتر دەکات بۆ هەموو زانیارییەکان. لێرەدا بۆچوونەکەی ئەرستۆ لۆجیکیترە، چونکە وێنەی شتەکانی سروشت زیاتر لەرێی وێنەی هونەرییەکانی نێو هۆنراوەو مۆسیقاو نیگارکێشان‌و پەیکەر تاشین‌و هەڵکۆڵین لاساییدەکرێتەوە. لاساییکردنەوەی نێو هۆنراوە بەلای ئەرستۆوە لەرێی لێکچواندنەوە دەبێ‌و، لێکچواندنیش بەلای ئەرستۆوە وەك لەکتێبی (هونەری هۆنراوە) بۆی دەچێ: " لێکچواندن هەمان رێرەوەی خوازەی هەیەو، لێکچواندن لە ئاخاوتنی گوتەداردا سوودی هەیە هەروەك سوودی خوازە"(30). ئەم داکۆکییەی ئەرستۆ لەسەر بایەخی لاساییکردنەوە وەك بۆتشەر (Butcher) بۆی دەچێ وەك " دەرخستنی کاریگەری جیهانە بەسەر ئەندیشەی هونەرمەندەوە"(31).

لاساییکردنەوە بەلای ئەرستۆوە شتێکی سروشتییە لەناخی مرۆڤدا، چونکە هۆیەکانیشی سروشتین، هەروەها ئەرستۆ ئەو رایەی ئەفلاتون پەسەند دەکا کە هونەر لاساییکردنەوەیە، بەڵام گرنگترین پرسیار بەلای ئەرستۆوە چۆن لاساییدەکاتەوە، واتە لاساییکردنەوە لەرووی ئامرازو بابەت‌و، شێوە یان چۆنێتییەوە.لاساییکردنەوەش بەلای ئەرستۆوە " بەپێی سێ شت دەگۆرێ: ئامرازی لاساییکردنەوەکە، بابەتەکەی‌و، شێوازەکەی"(32). ئەم جۆرە بۆچوونانەی ئەرستۆ کەم‌و زۆر کاری خۆی لەرۆشنبیرو رەخنەگرە کۆنەکانی عەرەب کردووە پاش وەرگێرانی هەردوو کتێبی ئەرستۆ (پیوتیکا – هونەری هۆنراوە)و (ریوتیکا– هونەری گوتاردان) لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا بۆ سەر زمانی عەرەبی لەسەر راسپاردەی دەزگای حیکمەت، کە رۆڵێکی زۆر مەزنی هەبوو لەگەشەسەندنی هونەری وەرگێران لای عەرەب لەو سەردەمەو، بە وەرگێرانی چەندین شاکاری ئەدەبی‌و رەخنەیی هەندێ لە زمانانی جیهانی ئەو سەردەمە هەڵسا. ئەوەی جێی سەرنجە کتێبەکەی (هونەری گوتاردان)ی ئەرستۆ تا ئەم رۆژگارەش ماوە، بەڵام کتێبی (هونەری هۆنراوە)کەی لەناوچووەو، نە دەسنووسە لاتینییەکەی‌و نە وەرگێرانە عەرەبیەکەشی نەماوە. ئەم وەرگێرانە عەرەبییە لەکاتی خۆیدا کاریگەری خۆی هەبووە بەسەر (قدامه بن جعفر)و پاشان بەسەر (ابو الحسن حازم القرطاجنی). تەنانەت د. احمد مطلوب زۆر بەراشکاوی لەلاپەرە (345)ی کتێبەکەیدا (دراسات بلاغيه نقديه) دان بەوەدا دەنێت کە " قرتاجنی کەوتبوە ژێر کاریگەری رەوانبێژی ئەرستۆو فەیلەسووفە موسڵمانەکان"(33). ئەم جۆرە بۆچوونەو چەند بۆچوونێکی دیکەی هاوچەشن لەلایەن (د. کامل حسن البصیر)ەوە رەتکراوەتەوەو، بەلایەوە ئەو دوو رەخنەگرە عەرەبە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری رەخنەگرە عەرەبەکانی پێش خۆیان، نەك کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەرستۆ، بەڵام د. کامل حسن البصر

لەپاش چەند لاپەرەیەك لەو رەتكردنەوەیدا دان بەوەدا دەنێت كە " ئەمە مانای ئەوە نییە بەگشتی ئەم پیاوە ئاگاداری ئەوەی لای غەیرە عەرەب نییە لە هۆنینەوە سازی هۆنراوەداو، لە دوو تووی كتێبەكەیدا هەندێ لە زاراوەكانی ئەرستۆتالیسی حەشارنەداوە، چونكە لێكۆڵەری زیرەك سەرنجدەدات كە قەرتاجنی زاراوەی لاسایی بە چەند پێچو پەنایەكی زۆری بردووەو، ئەم زاراوەیە- وەك وەرگێرانە ەاوچەرخییەكانی كتێبی هونەری هۆنراوە دەریدەخات- ئەرستۆتالیس پشتی پێ بەستبوو لەپێناسەكردنی خودی هۆنراوە"([34]).

## پەراوێزەكان

1 – د. سمير علي سمير الدليمي – الصورة في التشكيل الشعري / تفسير بنيوي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1990، ص15

2 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، زانكۆی سلیمانی، چاپخانەی زانكۆی سلیمانی، 1979، ل29

3 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، بەشی یەكەم ، دار الحريه للگباعه، بغداد، 1993، ل67

4 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل20

5 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل21

6 – عبد الرحمن بدوى – افلاگون، وكاله المگبوعات ودار العلم، الكويت – بيروت، 1979، ص164

7 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل25

8 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل25-26

9 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل68

10 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل28

11 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل29

12 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل73

13 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل6

14 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل26

15 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل28

16 – عبد الرحمن بدوي – افلاطون، ص145

17 – عبد الرحمن بدوي – افلاطون، ص149

18 – عبد الرحمن بدوي – افلاطون، ص148

19 – عبد الرحمن بدوي – افلاطون، ص149

20 – د. كامل حسن البصير – بناء الصورة الفنية في البيان العربي، موازنة وتطبيق مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، 1987، ص60

21 – د. كامل حسن البصير – بناء الصورة الفنية في البيان العربي، ص59

22 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل40

23 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل85

24 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل80

25 – كامل حەسەن بەصیر- مێژووی رەخنە سازی، ل85

26 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل38

27 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل31

28 – سی. دی لويس – الصورة الشعرية، ترجمة: د. أحمد نصيف الجنابي ومالك صبري وسلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، الكويت، 1982، ص65

29 – د. جابر أحمد عصفور – الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دار المعارف، القاهرة، 1980، ص343

30 – د. جابر أحمد عصفور-الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي،ص174

31 – د. جابر أحمد عصفور – الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي،ص22

32 – كەمال مەمەند میراودەلی – فەلسەفەی جوانی و هونە ر، ل22-23

33 – د. كامل حسن البصير – بناء الصورة الفنية في البيان العربي، ص45

34– د. كامل حسن البصير – بناء الصورة الفنية في البيان العربي، ص47